# ٢٠٠٥/٩/٢١

# شەش ساڵ بەسەر دامەزراندنی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نمادا تێدەپەڕی

شەش ساڵ بەر لەئەمڕۆ ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما، تروسکایی بەخۆیەوە بینی، ئەو تروسکاییەی کە بەماندووبوونێکی زۆرو ڕێگایەکی سەختدا سەرکەوت، بەڕێگایەکدا کە پڕبوو لەکارو ماندووبوونی بێ بەرامبەرو بەرهەمی زۆرو زەوەندی ڕۆشنبیری، لە زەمان و زەمینەیەکدا کە دەرکەوتنی تروسکاییەکان گرانو دژواربوون، زەمانو زەمینەی نالەباری ئازادی ، کە کەم کەس بوێربوون لەنێو تاسانی ڕۆحدا قسەیەکی ئازاد بکەن لەشارێکی نائازادا، کە هەولێربوو، کەچی کۆمەڵێك گەنج بوون لەدەوری (نما) کۆبوونەوە، بەو گیانەی دەمانەویست قسەیەك بکەین، گوتارێك بەرهەم بهێنین، جێگای ئومێدو ئایندەیەکی ڕووناك بێت.

سەرەتا بە گروهو دواتر بەکۆرگێرانو دواجار بە دەرکردنی گۆڤاری نما ، لەدایکبوونەکەمان پەرەی گرت، لەگەڵ یەکەم ژمارەدا هەنگاوەکان ڕێگری دەهاتە پێشو ، کارو چالاکی ڕۆشنبیریمان پێویستی بەپشتیوانی زێتر بوو، کەمتر توانیمان لەرووی ماددیەوە جێگیرو سەقامگیربین، بەرادەی ئەوەی پێویستیمان بەکەس نەبێت، وەلێ لەرووی مەعنەوییو ڕۆشنبیرییەوە، جێگاکەمان وردە وردە فراوانترو ، هەنگاوەکانمان ناسراوتر دەبوو، زۆر لەنووسەرو ڕۆشنبیران لەسەر ئاستی کوردستان، بەتایبەتی هەولێر بەدەنگمانەوە دەهاتن ، بەبێ بەرامبەر بەشدارییان لە گۆڤارەکەماندا دەکرد، لەولاشەوە ئاڵپشتیی و هیوامان کە لەچەندین

کەسی رێزدار بەدی دەکرد سوورتری کردین لەسەر ئەوەی باوەربەوە بهێنین کە ئاسۆیەکی گەش لەدوای ئەو ناخۆشیو نەهامەتیانەوە دێت.

ئاسۆیەك کە ئەمرۆ شەش ساڵی بەسەردا تێدەپەڕی، لەماوەی ئەم شەش ساڵەدا، توانیومانە (١٩) ژمارەی گۆڤاری نماو(٧ ) ژمارەی شیعرنماو، (٣) ژمارەی چیرۆکنماو، (٢)ژمارەی کۆمەڵناسیو (٤) ژمارەی خوێندنی ئازادو، زیاتر لە(٦٠) کتێب لەبواری ئەدەبو فیکروفەلسەفەو مێژوو.. تاد بەچاپ بگەیەنین جگە لە زیاتر (٢٥) کۆرو کۆبوونەوەی فراوان.

لەو ماوەیەی رابردوودا کارەکانمان هەڵکشانو داکشانی تێدابووە ، بەتەنها لایەنی ئیجابی نەبووە، چەندین کەسمان بەخۆراگری ماینەوەو، چەندین کەسیشمان کە رۆڵیان هەبوو لە پرۆژەکەدا لە نیوەی کارەکانو یان دوایو یان سەرەتای دەسپێکردنمان لەگەڵماندا درێژەیان پێنەدا..

ئەمرۆش نما لەتەواوی کارەکانیدا بەستافێکی تارادەیەك گونجاو کارەکانی دەکات، کەجێگای ناوهێنانن( رێبین رەسول ئسماعیل، ئیسماعیل کوردە، موتەڵیب عەبدوڵلا، ئازاد سوبحی، جەمال پیرە، ئاسۆ جەلال، ستار باقی، یوسف عوسمان حەمەد، ئەژین عەبدولخالق، زرار سەرتاش،د. فەرهاد پیربالّ، د. ئەحمەدی مەلا، هەندرێن، مەسعود بابایی) کارمەندانی ماندوو نەناسیی سەنتەرەکەش کە پێکهاتوون لە( نیاز صالّح ، ئارام رەمەزان، عیماد رەسولّ،رزگار حەسەن شین، رابەر محەمەد قادر ، هاومەند سەباح..تاد) .. لەو یادەشدا کە بەوهیوایەین ساڵەکانی داهاتوومان پڕ بەرهەمتر بێت، بەپێویستی دەزانین سوپاسی هەموو ئەو برادەرانەش بکەین کە لەرابردوودا بەپێی توانا هاوکارو بەشداربوون لە کارەکانماندا، جگە لەوەی کە بەلامانەوە گرنگە سوپاسی هەموو ئەم بەرێزانەش بکەین کە لەکاتی جیا جیادا هاوکارو پشتیوانمان بوون.

**شەوی ٢١ لەسەر ٢٢ی سێپتێمبەر سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبیی نما لە باخچەی سەنتەر لەشاری هەولێر ئاهەنگی شەش ساڵەی لەدایکبوونی خۆی بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرو روناکبیرانی شاری هەولێر گێرا، بەدەم ئاوێزانبوونی مۆسیقاو گۆرانی کوردیی رێز لەهەمو ئەو نووسەرو روناکبیرو کەسایەتییانە گیرا کە لە شەش ساڵی رابردوودا هاوکاری سەنتەری (نما) بوون.**